## پرۆژە بریار

١.ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە بۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ نەتەوەی تورکمان :

أ – (١٦/كانونی دووەم)ی هەر ساڵێك بە رۆژی شەهیدی تورکمانی دادەنرێت و دەکرێتە رۆژی ماتەمینی نەتەوەییان.

ب – (١٧/تشرینی دووەم)ی هەر ساڵێك بە رۆژی کەلتوری تورکمانی دادەنرێت.

٢.دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدار ئەم بریارە جێبەجێ بکەن .

٣. ئەم بریارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجی دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچواندن:

بۆزیندوکردنوەی بۆنە نەتەویی و کەلتوری پێکهاتەی تورکمان و بتەوکردنی دەولەمەندی و فرە کەلتوری لە هەرێم ئەم بریارە دەرچواندرا.

## کورتەیەک دەربارەی ئەم دوو بۆنەیە

- ( ١٦ ی کانونی دووەم )

تورکمانەکان وەک پێکهاتەکانی تر لە لایەن یەک لە دوا یەکەکانی رژێمی عێراق ڕوبەڕوی چەندەها کۆمەڵکوژی و زوڵم و ستەم بووینەوە، کە بووەتە هۆی شەهید بوونی چەندەها تورکمانی بێ تاوان.

لە ١٦ ی کانونی دووەمی ١٩٨٠ ڕژێمی بەعس چەند سەرکردە و ڕۆشنبیر و کەسایەتی تورکمانی لە سێدارە دا و شەهید بوون.

تورکمانەکان هەموو ساڵ ئەم بۆنەیە زیندو دەکەنەوە و وەک سومبولی شەهیدانی تورکمان بە ڕۆژی شەهیدی تورکمانی و بە ڕۆژی ماتەمینی خۆیان دادەنێن.

- ( ١٧ ی تشرینی دووەم )

لە ١٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ یەکەم قوتابخانەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان کراوە.

لە وەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، تورکمانەکان پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تورکمانی بکەنەومو بە زمانی دایك بخوێنن. بۆیە تورکمانەکان هەموو ساڵێك لە یادی کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی تورکمانی وەک ڕۆژی زمان و کەلتوری تورکمانی ئاهەنگ و فیستیڤاڵ سازدەکەن. چونکە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی مێژووییە بۆ تورکمان و لە هەمان کاتدا تەعبیر لە دیموکراسی و پێکەوە ژیان دەکات لە هەرێمی کوردستان.